# ووڵاتی سوید بەرەو کوێ ..؟.

* م . حەمید عەزیز*

ئەو تەوەرانەی گفتووگۆی لەسەر دەکەین چوار خاڵی سەرەکی لەخۆ دەگرێت :

1/ کورتە مێژووی سوید .
2/ سویدو کودەتای ڕامیاری .
3/ سوید بەرەو سیستمی سەرمایەداری .
4/ سوید و کێشەی پەنابەرانی کورد .

1/ کورتە مێژووی سوید .

سوید ووڵاتێکی سەوزو دارستانیی و جوانە هەوایەکی زۆر پاک و خاوێنی هەیەو خاکێکی ئاودارو بەپیتی هەیەو ساڵی واهەیە دووجار گەنم و جۆ بەبەرهەم دێت لەباشووری ئەم ووڵاتەدا بەڵام لەبارەی کەش و هەواوە زستانی درێژو ووڵاتێکی بەفراوی یە و خەڵکەکەشی بەگشتی هێمن و لەسەرخۆن و سپی پێست و چاوو کاڵ و قژ کاڵن لەباری کۆمەڵایەتی یەوە لاوازن و کەمتر تێکەڵ بەیەک دەبن و لەگەڵ پەناهەندەدا تەنها گەنجەکانیان تێکەڵ دەبن . بەگشتی لە بابەت تێکەڵ بوون و کەسایەتی و هاوڕێ یەتی یەوە ساردو سڕن و وەکو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوین ( الشرق الاوسط ) نین . لەباری کۆمەڵایەتی یەوە بۆ سویدی و پەناهەندە پێم وایە ئاوهەواو کلتورو ئاین ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لەو بارەیەوە .
ژمارەی دانیشتووانی ووڵاتی سوید 9.5 نۆ ملیۆن و نیوو ڕووبەری درێژییەکەی 1572 کیلۆمەترەو ڕووبەری پانتاییەکەی 500 کیلۆمەترە . زمانی سویدی زمانێکی فەرمی یەو زۆربەیان ئینگلیزی و فەرەنسی دەزانن و ئاینیان مەسیحی یە . خەڵکی ئەو ووڵاتە دابەشبوون بەسەر 24 پارێزگاداو 230 شارەوانییان هەیەو زیاتر لەبەشی ناوەڕاست و باشووری ووڵات خەڵکی تێدا دەژی و بەشی باکورەکەی لەبەر سەرماو زستانی دوورو درێژی و بەفر بارینی زۆر کەمتر خەڵکی تێدا دەژی . وەکو کشتوکاڵیش گەنم و جۆیان هەیەو بەڵام بۆ ناردنە دەرەوە نی یە ، پەتاتەیان گەلێ زۆرەو 200 ساڵ لەمەوبەر پەتاتە گەیشتۆتە ووڵاتی سوید . سوید ووڵاتێکی سەوزەو دارستان و دارێکی زۆری هەیەو وەکو بەرهەمێکی ئابووری سودی لێدەبینن ، دارو تەختەی سویدی و فینلەندی لەجیهاندا بەناوبانگن . لەباری پیشەسازیشەوە گەلێ پێشکەوتوون و 3 جۆر ئۆتۆمۆبیل و فرۆکەو تراکتۆرو کاری دەستی و شتومەکی ناوماڵ و .. هتد دروست دەکەن . لەباری ڕامیاریشەوە سوید خاوەنی 7 پارتی ڕامیارەو هەتا ئێستاش کە ساڵی 2007 ە بەووڵاتی ئاشتی خوازو بێلایەن و مرۆیی ناسراوە . سوید زۆر میللەت و کلتورو ئاینی تری تێدا دەژی کەلەبنەڕەتدا خەڵکی ووڵاتانی دیکەن . ئەگەر سەیری پێش چەند هەزار ساڵێک لەمەوبەر بکەین دەبینین زۆربەی ووڵاتانی ئەمڕۆ کەبەشێوەیەکی جوان و شارستانی ڕازاوەتەوە پێشتر بیابان بووە یان بەستەڵەک یان ئاو بووە . ووڵاتی سوید و دەوروبەری پێش 18000 ساڵ لەمەوبەر بەستەڵەک و پارچەیەک بووە لە سەهۆڵ و بەهیچ شێوەیەک ژیانی تێدا نەبووە پێش 9000 ساڵ ناوچەکە بووە بە دەریاو پێش 6000 ساڵ خاکیشی تێدا دەرکەوتووە وواتای وایە لەدووای ئەم بەروارەوە کە 4000 ساڵ پێش زاینە وورده وورده ژیانی تێدا دەرکەوتووە . ئەم بەروارو مێژووە بەڕای من هەمووی ڕێژەیی یە و دروست سەد لە سەد نی یە . بەڵام ئەم بەروارانەی خوارەوە سەد لە سەد ڕاستن و لەمێژووی ووڵاتی سویددا نووسراوە :
أ/ ووڵاتی سوید لەساڵی 1435 یەکەم پارلەمانی خۆی پێک هێناوە .
ب/ لەساڵی 1680 دەسەڵاتی پادشایی دابەش کراوەو پاشا وەکو سومبولێک دانراوە نەک وەکو بڕیار و خۆی هەموو شتێک بێت وەکو ئێستای ووڵاتە عارەبی یەکان کە سیستمی شاهانەیەو هەر شاو کوڕی شا بڕیار بەدەستن ، نمونەی ئەو ووڵاتانەش ووڵاتی

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

شاهنشینی سعودی و وولاتی شاهنشینی ئوردونی و .. هتد . به پێوەری جیاوازی ساڵەکان وولاتی سوید 327 ساڵ جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو وولاتە عارەبیانەی کە پادشاە ( الملک ) بڕیار بەدەستن تێیدا .

ج/ لەساڵی 1921 یەکەم هەڵبژاردن و بەشداری کردنی ئافرەتان و مافی ئافرەتان / ژنان لەهەمان ساڵدا . ووتای وایە سوید 22 جار هەڵبژاردنی دیموکراتیییانەی کردووە هەتا ئێستا .

د/ لەسالانی دەوروبەری 1800 کە نزیکەی 200 ساڵ لەمەوبەر دەکات پەتاتە گەیشتۆتە وولاتی سوید و لەڕێگەی ئەمەریکای باشوورەوە کە 8000 ساڵ لەمەوبەر خۆیان پەتاتەیان دۆزیوەتەوە پەتاتە گەیشتۆتە سوید . نمونەی ئەو وولاتەی باشوری ئەمەریکاش وولاتی بەرازیلە کە زۆر بەناوبانگە لە چاندن و بەرهەمهێنانی پەتاتەدا .

2 / وولاتی سویدو کودەتای ڕامیاری .

ڕەنج و ماندوبوونی زۆربەی زۆری شۆڕشەکانی دنیا کەبەخوێنی کرێکارو چەوساوەو پرۆلیتاری جیهان دەست پێدەکات بەرهەمی ڕوباری ئازادی یەکەی تینوێتی کۆمەڵێ سەرمایەدار دەشکێنێت . نمونەی زیندووش بۆ ئەو شۆڕشانە زۆرن شۆڕشی کوبای فیدڵ کاسترۆو خەباتی نەتەوەی کورد لەباشوری کوردستان و .. هتد .

لەهەموو جیهانی پێشکەوتوودا پارتی دەسەلات و پارتەکانی بەرهەڵستکار هەن و دەبێ بین چونکە ئەنجامی کارو مامەڵەی دیموکراسی کاری هەڵبژاردنەو هەڵبژاردنیش یەکێکە لە پایە هەرە بەهێزەکانی بینای ژیانی دیموکراسی سەردەم . هەڵبژاردن و ئەم سیستمە مەدەنی یە یەکێک یان پارتێک دەکاتە بەرپرس و بەرپرسیش بەوواتا پراکتیکییەکەی هیلاک بوون و بەرەو پێشبردنی وولات و لێپرسراو لەژیانی خەڵک و خەبات و شەونخوونی بۆ ئامانجی بەدیهێنانی خەونەکانی نیشتمان نەک وەکو بەرپرسانی کورد و ناوچەی ڕۆژهەلات کە خوا خۆی وولاتیان بۆ بەڕێوە دەبات و نیشتمان بێنازو خەڵکیش هەتیوو بێ باوکە . نیشتمان دەبێ ئازاد و خەڵکیش دەبێت یەکسان و هەموو تاکێکیش دەبێت هەست بە هاوولاتی بوونی خۆی بکات بۆیە ئەم نمایشی ئازادی یە لەسەر شانۆی کەش و هەوای وولاتێکی دیموکراسیدا ڕۆڵیان دەبێت بەم نەخشەی پلان و پێشکەوتنە وولات لەڕەوتی بەمەدەنی کردن و شارستانی بوون دوواناکەوێت . بەلام شۆڕشی چەکداری لەئەنجامی زووڵم و تاک ڕەوی و نایەکسانی هەندێ لە سەرکردەو وولاتە دوواکەوتووەکان دروست دەبێت و دەسەلاتێکیش زمانی گفتوگۆو لێک حاڵی بوونی نەبێت ( المفاوظات ) diskussion ئەوا هەر شۆڕشی چەکداری وەکو بەرهەڵستکار لەو جۆرە وولاتانە بەردەوام دەبێت و خەباتی خۆی دەکات بۆ ڕێکخستن و دروست کردنی دەسەلاتێکی فرە حیزبی کە ئەو میری و دەووڵەتە بەرهەڵسکارەکانیش بگرێتە خۆی . شۆڕشی چەکداری و خەبات بۆ ئازادی تاکی نەتەوەیەک کاری ڕامیاری و سەربازی دەوێت و ئەمە کارو خەباتی بەرهەڵستکارە لەدەرەوەی بازنەی دەووڵەت ئەوەش لەئەنجامی تینوێتی خەڵکی ئازادیخوازە بۆ نان و ئازادی و ژیان ( ناوچەیەک لەناو وولاتدا ئازاد دەکرێ و خەڵکەکەی فێری خەباتی سەربەستی و سەربەرزی و ژیان دەکرێ ) . بەلام بەپێچەوانەوە لای دەسەلاتە گەندەڵ و سەرمایەدارەکان هەوڵ دەدرێ کە خەڵکی هەژارو نەخوێندەوارو گێل بن . زۆرجاریش لەسیستمی دیموکراسیدا بەرهەڵستکار لەناوەوەی بازنەی دەووڵەتن و هەم کارو هەم مافیشیان هەیە بەلام دووای چەند ساڵێک لە هەوڵدان بێ هیوا دەبن لەهاتنە سەر حوکم و دەسەلات لەو حاڵەتەدا ئەو بەرهەڵستکارە یان ئەو گروپە کاری ڕامیاری بەجێدەهێڵن و پلانی کودەتای ڕامیاری دادەڕێژن نمونەی زیندوش بۆ ئەو کارە وولاتی سویدە کەلەساڵی 2006 ئەو کودەتا ڕامیارییەیان لە پارتی سۆسیال دیموکرات کرد و هەرچەند شێوەی کودەتا زووڵمە بەلام ئەو کودەتایە بەشێوەو کارێکی یاسایی دادەنرێت لە سیستمی هەڵبژاردن و دیموکراتی یەتدا . لەخوارەوەی ووتارەکە زیاتر ڕوونی دەکەمەوە . ئەوە کاری مرۆیی و شۆڕشگێڕی یە کە خەڵکی فێری ژیان و ئازادی بکرێت لەناو نیشتمانێکی یەخسیرو کەلەپچەدا بەلام زۆرجاریش ئەو خەڵک و تاقمەی بەناوی چەوساوەوە تێدەکۆشن خۆیان لەدووایيدا دەبنە دیکتاتۆرو تەڕو ووشک پێکەوە دەسووتێنن نمونەش بۆ ئەوە ( سەدام حسێن ) ی دۆڕاوو نەخۆش بوو کەخۆی بەشۆڕشگێڕو خەباتگێڕی نەتەوەی عارەب دەزانی و شۆڕشی پارتی بەعسی دژ بە دەسەلاتەکەی ( عەبدولڕەحمان عارف ) بەرپا کرد لەساڵی 1968و خستی و دوواتریش کودەتایەکی سەربازی و ڕامیاری لە دژی سەرۆک کۆماری عێراقی ئەوسا ( احمد حسن بکر ) کەلە ساڵی 1979 دا بوو بەرپا کردوو خۆی و کەسوکاری و کوڕی ( محمد احمد حسن ) کووشت و سەرکەوت بەسەریانداو بوو بە گەورەترین بکووژو شەڕانگێزو دیکتاتۆری ناوچەکە . فیدڵ کاسترۆی کوباش بەناوی چەوساوەکانی دنیاوە خەباتی کرد کەچی ئێستا زیاتر لە 50 ساڵە لەدەسەلاتدا کاردەکات و چوار نەخۆشیی گەورەی هەیەو لەسەرەمەرگدایە کەچی ڕێگە بەهەڵبژاردنێکی

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

ديموكراسی نادات و نايەڵێت خەڵكی فێری مامەڵەی ئازادی و ديموكراسی ببن و هەناسەيەكی بەختەوەری بدەنەوە كەچی براكەی خۆی ئامادە كردووە لە دووای خۆی ميريی كوباو يەكەم دەسەڵاتی كوبا بێت . كوردستانی باشووريش زياتر لە سەدەيەكە خەبات و خوێن ڕشتن و ماڵوێرانی و چەند جار سووتانی وولات و نيشتمان و چەند هەزار شەهيدو 17 ساڵيش مومارەسەی كاری دەسەلات و بەڕێوەبردن كەچی بەداخەوە نايەڵن خەڵكی بەو سيستمی يەكسانی يە شادبێت كە هەڵبژاردن و ديموكراسی يەت دەيخوازێ و هەموو دەسەڵاتەكانيش دەگەڕێتەوە بۆ دوو پارت و هەموو داهاتەكانيش بەش كردنە لەنێوان ئەو دوو پارتە كە يەكێتی و پارتين ئەمە بێجگە لەوەی كە 17 ساڵە نە مافی تاك و نە يەكسانی و نە ئازادی ڕا دەربڕين هەيە بێجگە لەوەی كە فيكرێكی كۆنەپەرەستی تاو دەدەن و هاندەرێكن بۆ چەوسانەوەی ژنان و ئافرەتان . وەهەروەها بوونەتە هۆی دارمانی ئابووری يەكی دەوڵەمەند كەلە وولاتەكەدا هەيە و لەباتی خەڵكی فێری هەڵبژاردن و ڕاستی بكەن خۆيان بەشێوەيەكی خێڵەكی ڕێكەوتوون هەم دەسەڵات و هەم ئابووری ( پارە ) دابەش دەكەن لەنێوان خۆياندا و هەتا ئێستا خەڵكی كوردستان لەبوجەی ساڵانەی وولاتەكەيان ئاگادارنين و مخابن لەئەنجامی هەڵەی دەسەڵاتەوە بەهەزاران گەنج بێكارو بێ پارەيەو ئەمەش بۆتە هاندانێكی گەورە كە گەنجەكان بەرەو دەرەوەی وولات بڕۆن و بەقاچاغ و ژيانی ترسناك و مردن هەڵبژێرن تەنها لەپێناوی ئەوەی لە جێگەيەكی تر ژيان و بژێوی يان بە يەكسانی و سەربەستی شاد ببن و يان بەدەستی بهێنن . ئەو كودەتاو بەرهەڵستكارو خەباتانەی وولاتانی دنيا كە هەميشە باسی لێوەدەكەين بۆ مەرامی فێربوونە ، فێربوونی ژيان و مەدەنی يەت و ئارامی و يەكسانی بۆ مرۆڤەكانی هەموو دنيا بۆيە بۆ وولاتی سويديش هەمان هاوكێشەيە بەڵام بەجۆرێكی تر چونكە ئەو دەسەڵاتەی لەسويد دەچوو بەڕێوە لەلايەن پارتی سۆسيال ديموكرات Socialdimokrat Parti بەسەرۆكايەتی گۆران پێرشۆن Göran Perssonنزيكەی دووانزە ساڵ ميريی و لەدەسەڵاتدا بوو . !! . بەڵام چۆن دەسەڵاتێك و چۆن كاركردنێك .؟.

پارتی سۆسيال ديموكرات كە خۆم نزيكەی 7 ساڵ ئەندامی بووم و بەجێم هێشت يان وازم لێ هێنا لەبەرئەوەی بڕياری ڕاگرتنی مۆڵەتی مانەوەی ( الاقامة ) دەركرد دژ بە پەناهەندەكانی كورد ئەوە جێی شانازی منە كەلەپێناوی نەتەوەكەم هەموو كارێكی باش بكەم . ئەوكارەشی كەكردی پێش كۆتايی هاتنی دەسەڵاتەكەی بوو لە 9/16 2006 دا . بەڵام لەهەمان كاتدا پارتی سۆسيال ديموكرات كاری زۆرباشيان كردووە بۆ كوردو بۆ نەتەوەكانی تر لەو دووانزە ساڵەی فەرمان ڕەواييياندا لەدووای ساڵی 1994 كەهەڵبژێردرانەوە هەتا 2006 ئەم پارتە پێشكەوتووە هەم هەڵبژێردراوی خەڵك و جێی متمانەی خەڵكی بوون هەروەها كاری زۆر باشيان كردووە بۆ وولاتەكەی خۆيان كە وولاتی سويدە و لە زۆرجارو بۆنەشدا سەرۆكايەتی ئەوروپاشيان كردووە بەڵام هەرچەندە هيچ پارت و كەسايەتی و ڕامياری يەك بەدەر نابێت لەهەڵەو كەم و كوڕی . دووای چەند جار لەسەر يەكی هەڵبژاردن و ئەنجامی تێكۆشانی ڕامياری حەوت پارتی ڕامياری و هەڵبژاردن و دەرچوونی سۆشيال ديموكرات لەو ساڵانەی پێشوودا كە هەر چوار ساڵ جارێك دەبوو بێ هيوايی دروست كردبوو لەناو ڕيزەكانی بەرهەڵستكاراندا ( المعارظة ) و بەتايبەت پارتی مۆدێرات بەسەركردايەتی فرێدريك ڕاينفێڵد چونكە ئەم پارتە زۆر هەوڵی دەدا كەجێی پارتی سۆسيال ديموكرات بگرێتەوە بەڵام لە ساڵانی هەڵبژاردنی 94 و 98 و 2002 و هەر سۆسيال ديموكرات ڕێژەی بەرزی بەدەست دەهێناو سەركەوتنی تەواوی مسۆگەر دەكرد لەهەڵبژاردنەكاندا . بۆيە لە ساڵی 2006 دا لە كۆی حەوت پارتی فەرمی ( الحزب الرسمي ) وولاتی سويددا چوار پارتيان يەكگرتنێكی فراوانيان دروست كرد دژ بە سۆسيال ديموكرات و دەسەڵاتيان لە سۆسيال ديموكرات بردوو خستيان بەڵام نەك بەهەقی ڕێژەيی پارتەكان خۆيان بۆيە ئەو هەڵبژاردن و ئەنجامە لەلای من لە كودەتايەكی ( انقيلاب ) ڕامياری دەچوو وەهەروەها لەگەلەكۆمەی بەرهەڵستكاران كودەتای ڕامياری ( انقلاب سياسي ) دەچوو دژ بە دەسەڵات كە سۆسيال ديموكرات بوو . بەڵام ئەو يەكگرتنەی پارتەكان لەكاتی هەڵبژاردندا دژ بە دەسەڵات يان پارتێكی گەورە ئەوەش كارێكی ياسايی يەو لە سيستمی ديموكراسيدا كارێكی پەسەندە . لەبەشی خاڵی سێهەمی ووتارەكەدا ناوی پارتەكان هاتووە .

3/ وولاتی سويد بەرەو سيستمی سەرمايەداری .

وولاتی سويد يەكەمين نيشتمان و يەكەمين جيهانی بەختەوەری منداڵ و ئافرەتانە لەئاستی بەرزدا . وولاتانی تر زۆرن كە پێشكەوتوو ديموكراتيين بەتايبەت ئەوروپای ڕۆژئاوا وەكو : ئاڵمانيا ، هۆڵەندە ، ئيتاليا ، سويسرا ، فەرەنساو .. هتد . بەڵام لەسەر بنەمايەكی زانستی و لێكۆڵينەوەی هەمەجۆرو ڕای زۆربەی ڕێكخراوە مەدەنی و مرۆيی يەكان و ڕای لێكۆڵەرەوەو زانای بەريتانی ئينكۆمست inkomst دەڵێ : ( وولاتی سويد يەكەم وولاتی ديموكراسی بووە بۆ ساڵی 2006 لە جيهاندا . وولاتی

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

سوید جوانترین ماڵی دڵنیایی و حەسانەوەیە کە جێی ئازادی و ماف و یەکسانی و ڕێزگرتنی ئادەمیزاد و ئاژەڵان و نرخاندنی مرۆڤ بەگشتی و بەرز تەماشا کردنی هەموو بوونەوەران و مافی منداڵ و ژنانیش لەپلەی یەکەمدا بووە . سوید یەکێکە لەووڵاتە هەرە باش و مرۆیی و بێلایەن و پێشکەوتووەکانی جیهان کەنزیکەی 50 ساڵە لەپێشکەوتنی بەردەوام دایە لەهەموو بووارەکانی ژیاندا . ئەوەی شایانی باسە هەر لە سەرەتاوە دەووڵەتی سوید شەڕخواز نەبووەو هەمیشەش بێلایەن و هێمن و ئارام بووە لەپێناوی بەرژەوەندی خاک و نەتەوەی سوید هەوڵی زۆری داووەو تێکۆشاوەو هەمیشەش بەزمانی سەردەم و لێک حاڵیبوون لەگەڵ دۆست و دووژمنانی دوواوە . سوید بەشداری جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمی نەکردووەو زۆر بە ژیرانە ڕەفتاری لەگەڵ خەڵک و بێگانەدا کردووە لەپێناوی ژیانی هاووڵاتیانی خۆی کە بەباشترین شێوازی بەمەدەنی بوون و سیستمی پەروەردەیی سەرکەوتوو کاری بۆ کردوون و بردوونی بەڕێووە . ووڵاتی سوید نزیکەی 200 ساڵە هیچ جۆرە جەنگێکی نەکردووەو هیچ جۆرە کووشتارێکی تێدا ڕووی نەداوەو هەمیشە میری و دەسەڵاتی ئەم ووڵاتە لەهەوڵی خۆشگوزەرانی خەڵکەکەی بوون . سوید ووڵاتێکی زۆر پێشکەوتووە لە باری پەروەردەیی منداڵ و سیستمی قوتابخانەو نرخاندنی قوتابی و بەگەورەو ڕێزەوە سەیرکردنی منداڵ و پەروەردەو فێرکردنێکی زۆر نمونەیی لە قوتابخانەکان بەتایبەت قوتابخانە سەرەتایی یەکان کە خۆم وەکو پیشە کاری تێدا دەکەم . مخابن ئەم جوانی و مرۆڤ دۆستی و یەکسانی و .. هتد هەتا چەند مانگێک لەمەوبەر بوو چونکە لە بەرواری 2007/9/16 و دووای هەڵبژاردنی چوارساڵەی سەرتاسەری ووڵاتی سوید و هەڵبژاردنی پارتی مۆدێرات Moderatparti بەسەرۆکایەتی فرێدریک ڕێینفێلد (Fredrik Reinfeldt) و شکستی پارتی سۆشیال دیموکرات ( socialdimokrt ) کەبەسەرۆکایەتی گۆران پێرشوون (Göran Persson) بوو ئەنجام درا . بەڵام وەکو دەنگ و لایەنگرو ڕێکخستن و دۆستی سۆشیال دیموکرات گەلێ زیاترو گەورەترن لە پارتی مۆدێرات بەڵام یەکگرتنی مۆدێرات لەگەڵ سێ پارتی تردا بووە هۆی سەرکەوتنی و هاتنە سەر حوکم و دەسەڵاتی ئەو پارتانەی یەکگرتنی لەگەڵ ساز دابوون هەمووی پارتی بەرهەڵستکارو یەکگرتنەکەش لەشێوەی کوودەتای ڕامیاری ڕوویدا ئەوانەشی کەیەکگرتنیان سازدا لەگەڵ پارتی مۆدێرات بریتی بوون لەم سێ پارتە Kristdemokraterna و Folkpartiet و Centerpartiet . ئەوەش بەڕای من بووە هۆی تێکچوونی ژیان و سیستمی ئەو پێشکەوتنەی کە لەلایەن سۆشیال دیموکراتەوە چەندەها ساڵە بنیات نرابوو چونکە نزیکەی 12 ساڵێک دەبوو کە ئەم ووڵاتە هەر بەسیستمی سۆشیال دیموکراتی ڕۆیشتووە بەڕێوە و ئەوەی شایانی باسە زۆربەی ووڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیا بەم سیستمی سۆسیال دیموکراتە ووڵات و سیستمی ژیانی نوێ دەبەن بەڕێووە . تائێستاش خەڵکی سوید کێشەیان نەبووە لەگەڵ سیستمی خۆیان و هەموویان ژیانیان مسۆگەربووە چونکە کەسێک نی یە بێ پارەو یارمەتی بێت تەنها ئەلکهولیستی یەکان نەبێت بەڵام پێموایە ڕەزامەندی ئەمریکاش گرنگەو ئەمریکاش پێی خۆشە سویدیش ببێتە ووڵاتێکی سەرمایەداری چونکە خەڵکی ئەمریکا گلەیی یەکی زۆر دەکەن لە دەووڵەتەکەیان و دەڵێن : ( بۆچی ووڵاتی سوید خەڵکەکەی تێروتەسەل و بێ پارە نی یە خۆ سوید هێندەی نیوەی ئەمریکاش دەوڵەمەند نی یە کەچی میللەتەکەیان باشتر دەژین لەئێمە ) . ئێستا سوید بەرەو سەرمایەداری دەڕوات و دەستکاری زۆربەی سیستم و بەرنامەکانی کراووە هەرچەندە بەرنامەو ڕێکلامی مۆدێرات پێش هەڵبژاردنی 2006 ی ئەوە بوو کە زەکات و ( ظريبة ) کەم بکاتەوەو خەرجی و معاشی کارمەندو مامۆستا زیاد بکات بەڵام بەداخەوە وا دەرنەچوو . لەبەرئەوەی مۆدێرات پارتێکی سەرمایەدارە کارو بڕیارەکانی تەنها لەبەرژەوەندی خاوەن سەرمایەو کارگەکاندایە بۆیە ئومێدی خەڵکی هەژارو خەڵکی مامناوەندی نی یە . بەوەش زۆرینەی خەڵکی ئەم ووڵاتە زەرەرمەند دەبن چونکە بەشێکی کەم لە خەڵکی ئەم ووڵاتە خاوەن کارخانەن بۆیە زۆرینەی خەڵکی ناوچەکە ئاستی ئابووریان مام ناوەندی یە و سەرمایەدار نین لەڕاستیشدا خەڵکی هەژار زۆر کەمە لەم ووڵاتەدا چونکە ئەوکەسەی بێکار دەبێت بیمەی بێکاری وەردەگرێت یان دەووڵەت پارەی یارمەتی نەخۆشی و بژێووی ژیانی دابین کردووە بۆ هەژارو بێکاران لەم ووڵاتەدا بەسیستمی سۆسیال . بەداخەوە هەرووڵاتێ بەرەو سەرمایەداری مل بنێ کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵکەکەی دەبێتە زەحمەتکێش و کۆمەڵێکی کەم و بچووکیش دەبێتە ئاغاو سیمای جوانی ئەو ووڵاتە کاڵتر دەبێتەوەو و نامێنێ و شارو ووڵات بەرەو نارێکی و ناشارستانی دەڕوات نمونەش بۆ ئەوە جادەکانی واشینتۆن یان نیویۆرک ببینی بەو هەموو جوانی یەوە سواڵکەرو هەژارو بێماڵ دەبینی کەلەسەر شۆستەکانی بەکارتۆن و مقەبا ژور دروست دەکەن و یان پاڵ کەوتوون لەسەرجادە ئەو دیمەنەش کاردانەوەی خراپی دەروونی دەبێت لەسەر خەڵک . بێجگە لەوەی لەسیستمی سەرمایەداریدا دزی و گەندەڵی زیاترەو نایەکسانی کۆمەڵایەتی ئابووریش زۆرترە .

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

4/ وولاتی سوید و کێشەی پەنابەرانی کورد .

ئەوەی کە ئاواتی خەڵکی سیاسی و هەژارو لێقەوماو بوو بەتایبەت خەڵکی ڕۆژهەلات و ئاسیا کەلەدەست زوولم و ناحاڵێتی و نایەکسانی دەسەلاتەکانیان پەناو ئاواتیان ئەم وولاتە بوو هیواکانیان بە ژیان و بەردەوامی کۆتایی هات . لەزۆربەی وولاتانی دنیاوە خەڵکی هەمەجۆر ڕوویان کردۆتە ئەم وولاتە کە زۆربەیشی بۆ پەنادان و ژیان و گوزەران بووە ، بەلام مخابن ئێستا دەرگای پەناو یارمەتی دانی مرۆیی داخستووەو تروسکایی متمانەو دڵنیایی و خۆشیی لەدڵی پەناهەندەدا نەهێشتووە بەتایبەت ئەو پەناهەندانەی کە چاوەڕێی مۆڵەتی مانەوە دەکەن و کوردن یان عێراقین لەو وولاتەدا . کەچی سالانە پەناهەندەیەکی زۆر وەردەگرێ لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بۆ خۆی بۆ نمونە زۆر لەکوردەکانی ڕۆژهەلات یان فارسە ڕاکردووەکانی ئێران لە تورکیاو لە وولاتانی تری وەکو پاکستانەوە بەهۆی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە UNمانەوەی ڕامیارییان پێدەدرێت و بەفڕۆکە ڕەوانە دەکرێن بۆ سوید . بەڕاستی ئەمە بانێکەو دوو هەوا ، چۆن چۆنی سوید پێویستی بەخەڵکەو کەچی خەڵکێکی زۆر بەپێی خۆیان و بە پارەو هیلاک بوونی خۆیان گەیشتوونەتە سوید دەریان دەکات .؟. کەواتە بەم هاوکێشەیە وواتای وایە وولاتی سوید پێویستی بەپەناهەندە هەیە . !! . لێرەدا پرسیارێک خۆی قوت دەکاتەوە :

پرسیار : سوید پێویستی بەپەناهەندە هەیە ئەی کەواتە بۆ پەناهەندە کوردەکانی باشوور دەنێرێتەوە .؟. بەتایبەتیش 1400 کەسی کوردی باشوور کە مۆڵەتی مانەوەی یەک ساڵیشیان هەبوو کەچی لێی سەندوونەتەوەو پارەی یارمەتی لێبڕیون و ژیانیانی خستۆتە مەترسی یەوە .

وەلام : وولاتی سوید پەیوەندی و ڕێککەوتنێکی نهێنی لەگەڵ دەسەلاتی باشووری کوردستان گرێ داوەو ڕێک کەوتوون لەسەر کۆمەڵێ بەرژەوەندی هەردوولا . ئەی بەڵگە چی یە بۆ ئەم وەلامە .؟.

بەڵگە :

1/ هەتائێستا وولاتی سوید بەدرێژایی 35 ساڵ و هاتنی بێگانە بۆ وولاتەکەیان مۆڵەتی مانەوەی لە هیچ پەناهەندەیەک وەرنەگرتۆتەوە بەبێ هۆ . ( باس لەو حاڵەتانە ناکەین کە تاوانیان کردووە لەم وولاتەداو بانگهێشتی دادگا کراون ) .

2/ زیاتر لە پانزە جۆر نەتەوە لە وولاتی سویدن و داوای مۆڵەتی مانەوە دەکەن . بۆ تەنها کوردی باشوور مۆڵەتیان لێبسەندرێتەوەو بنێردرێنەوە .؟.

3/ هەر میری یەک یان دەسەلاتێک کە پەنابەری هەیە لە سوید بەشێوەیەکی فەرمی بە سویدی ڕابگەیەنێت کە پەنابەرانی وەرناگرێتەوە سوید پەنابەرانی ناگەڕێنێتەوە .

4/ بەیاسای نەتەوە یەکگرتووەکانی ساڵی 1952 ئەگەر ترس و ڕاونان و بێکاری و نادیموکراتی یەخەی مرۆڤی گرتبێت و بەهەرشێوەیەک ڕابکات بۆ وولاتی سێهەم بەهەموو شێوەیەک قەدەغەیە ناردنەوەی بۆ وولاتی خۆی . پەنابەر دەنێردرێتەوە بۆ نیشتمانی خۆی تەنها بەمەرجێک کەئەویش بە ڕەزامەندی خۆیی و بەئارەزووی خۆی ئەو بڕیارە بدات .

5/ سوید ئاگای لەو تەقینەوانە هەیە کەلەکوردستان ڕوودەدات بەتایبەت شاری کەرکوک .

کەواتە سوید کە وولاتێکی دیموکراسی یە چۆن ئەو کارە دەکات و خەڵکی بێکەس و داماوی وەکو میللەتی کورد کەنەدەووڵەت و نە نیشتمانێکی ئازادی هەیە دەنێرێتەوە بەلام خەڵکانی پەناهەندەی وەکو : ڕوسی و بولگاری و سۆمالی و ئەسیوپی و ئێرانی و یوغوسلافی و تورکی و عارەب و .. هتد کەئەمانە دەووڵەتیشیان هەیەو باری ئاسایش و ئابووریشیان لە کورد باشترە کەچی نایاننێرێتەوە .؟. دەبێ ئەو ماستی سویدە چ موویەکی دەسەلاتی کوردی تێدابێت .؟. ئەوە وەلامەکەی بۆ هەردوو دەسەلاتەکە بەجێدەهێڵم . چونکە ئێمەش وەلامی خۆمانمان پێ یە کە لە هی ئەوان ناچێت چونکە من وەکو نووسەرێک هەمیشە لەگەڵ خەڵکی هەژارو لێقەوماوی میللەتەکەم دام چونکە تەنها نەتەوەیەکە کەس ئازارەکانی نابینێت ئەوەش ئەوە ناگەیەنێت من لەهەموو کارێکدا دژ بەدەسەلاتی کوردی و سویدی بم . دەسەلاتی کوردیی باشوور لەباتی ئەم فڕوفێلانە و کلک گرێدان لەگەڵ دەووڵەتان دژ بە مرۆڤ و گەنجانی خۆی دەیکات و چاڵیان بۆ هەڵدەکەنیت باشتر وایە بیربکاتەوە باری ڕامیاری و ئابووری و کۆمەلایەتی میللەت و وولاتەکە چاک بکات و بژێوی ژیانیان بۆ دابین بکات و ئەرکیان لەسەر کەم بکاتەوە ئەوکات خەڵکی خۆی دادەنیشێت و ناڕوات و وولات بەجێ ناهێڵێت . خەڵکی چۆن ئەو وولاتە بەجێ ناهێڵێت کەبەڕۆژ چەند سەعاتێک بەدیار بەلوعەوە دابنیشێت چاوەڕێی ئاو بکات هەتا چەند سەتڵێکی لێ پڕبکات بۆ خواردنەوەو خۆ شتن یان ئەبێ بچێ بەبەرمیل ئاو بکڕێت .!. باشە کە ئاو بەبەرمیل و تەنکەر هەبێت بۆ فرۆشتن ئەی بۆ قەترەیەک بەبەلوعەکەدا نایەت .؟. یان شەوان بەبێ ڕووناکی و بێ کارەبا بەدیار

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

چرای دوکەڵاوی و بەتاریکی دەبێ دانیشن وەکو هەشتا ساڵ لەمەوبەر حەقایەت بۆ یەکتری بکەن .!! . خەڵکی ئەو وڵاتە هەموویان گورچیلەیان دارزاوە لەبەر ئاو کرینی پیس . دەسەڵاتێک نەتوانێت ئاو دابین بکات کەئەم کارەساتە لە سۆمالیشدا نی یە دەبێ دەسەڵاتی چی بێت .؟. ئاخر ئەوە کەمترین و سادەترین مافی هاووڵاتی یە کە ئاوو کارەبای هەبێت کۆتایی یەکەی خراپ دەشکێتەوە لەسەر دەسەڵاتی کوردی کە خۆی نەتوانێ مافە سەرەتایی یەکانی خەڵک دابین بکات و نەشهێڵێ لەهیچ وڵاتێکدا بحەسێنەوە ..!!. لەدووایدا پاڵەپەستۆیەکی ئێجگار گەورە دروست دەکات بۆ خۆی چونکە بابەتی کۆچ و سەفەرو گەڕان کارێکی شەرعی یە ، ئەی باشە بۆ خۆیان ( دەسەڵاتی کوردستان ) پاسپۆرتی وڵاتانی ئەوروپییان پێ یەو بەئارەزووی خۆیان سەفەر دەکەن .؟. خەڵکیش مرۆڤە بەر بەلێشاوی نارەزایی و کۆچ بەم سیاسەتە نابێت .

لەگەڵ ئەوەشدا کە ژمارەی پەناهەندەیەکی زۆر هەیەو لە بارێکی دەروونی خراپ و لە چاوەڕوانیدان بەتایبەت کوردەکانی باشووری کوردستان کە مۆڵەت و مانەوەی یەکساڵیشیان پێ دراو ژمارەیان 1400 کەسە کەچی مۆڵەتی مانەوەکەیانیان لێسەندراوەتەوەو بێجگە لەوە پارەی یارمەتی و کرێ خانوویان لێ بڕدراوە کە ئەمە باری دەروونی زۆربەیانی خراپ کردووەو بەتایبەت خێزانەکان چونکە خێزانەکان خەرجیان پێویستە بۆ منداڵەکانیان ئەمەش وائەکات لەدووایدا خەڵکێکی زۆر پەنا بۆ کاری خراپ ببەن و سیستم و شیرازەو باری ئاسایشی ئەم وڵاتە تێک بدەن .. ئەوەش کارێکی خراپەو هەموومان نارەحەت دەکات چونکە ئەم وڵاتە بەئەرک و ماندوبوونی چەندەها ساڵەی خەڵکی سوید دروست بووەو دامەزراوەو هەیە . دووا بەدووای ئەو بڕیارە سوید بڕیارێکی سەختتری دەرکرد بۆ عێراقی یەکان و بەتەواوی ئاواتی ئەو خەڵکەی نەهێشت کە چاوەڕوانی مانەوەن ( اقامة ) ئەویش خەڵکێکی زۆرن و ژمارەیان 9300 کەسەو زۆربەیان کوردی باشوورن و هیچ مۆڵەتێکیان نی یە و چاوەڕێی مۆڵەتی مانەوەن بەڵام ئەوانیش پێیان ڕاگەیاندوون کە هیچیان پێنادرێت و ڕەوانەیان دەکەنەوە لەگەڵ ئەوەشدا کە هەموومان دەزانین باری ئاسایشی و ئابووری ئەو وڵاتە چەند خراپە ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ ئەو چەند دێڕ بەڵگەو نووسراوەی سەرەوە کە چۆن دەسەڵاتی کوردی و عێراقی دەیانەوێت گەنجەکانیان نابووت و ڕسوا بکەن . ئەمەشیان دەستی دەسەڵات و میری عێراق و کوردی تێدایە چونکە لە دەسەڵاتی حکومەتی عێراقدا کوردیش بەشدارەو هەر قەرارێک لە دەووڵەتی عێراقی یەوە بێت بڕیاری کوردیشی تێدایە . داواکارم بەم ووتارەم کە دەسەڵاتی سوید چاوێک بخشێنێتەوە بەو قەرارەدا کە بۆ 1400 کەس بەیەکەوە دراوە چونکە ئەو کۆمەڵە خەڵکە خەڵکانێکی تێدایە کە شایستەی مانەوەن و حەقی وایە کە مافی پەنابەرییان پێ بدرێت و کۆمەڵێکیش کەبەزۆر بنێردرێتەوە هەم زووڵمەو هەم ژیانیان لەمەترسیدا دەبێت . بۆ ئاگاداری وڵاتی سوید کەهەر پەناهەندەیەک دەگەڕێتەوە یان دەگاتەوە کوردستان زۆر ئیهانە دەکرێت و قسەی ناشرینی پێ دەووترێت چونکە بەگێڕانەوەی زۆر لەو کەسانەی کە پەناهەندە بوون لە تورکیا و تورکیاش دەینێردنەوە ئەو پەناهەندانە خۆیان دەیانگێڕایەوە کە چۆن لەزیندان قسەیان پی ووتون و سەریان سفر کردوون و دووایش بەکەفالەت بەریان داون . بۆخۆتان ئاگادارن کەتائێستا چەندین ئافرەتیش لەکوردستانی باشوور کوژراوەو نمونەی ئەو ئافرەتانەش دۆعاو بەنازو شەوبۆو شیلان و .. هتد . وەکو ئاگاداربم زۆر لەو خێزانانەی کوردی باشوور بەخۆشەویستی و بەبێ ڕەزامەندی دایک و باوکیان خێزانیان پێک هێناوەو بۆ ئەوەی نەیانکوژن پەنایان بۆ وڵاتی سوید هێناوە ئەگەر ئەوانە ڕەوانە بکرێنەوە یان خۆیان لەناچاریدا بگەڕێنەوە بەبێ قەیدو شەرت کوژراون بەدەستی کەس و کاریان . وەکو ئاگادارم زۆر لەو کەیسانە هەیە کە دوو خۆشەویست لەناچاریدا پەنایان بۆ سوید هێناوە ئەوەش بەڕای من تاوانەو پێویستە کەیسی لەو جۆرە بەووردی ببینرێت و بڕیاری لەسەر بدرێت .

* تێبینی :

ئەم ووتارە بەزمانی سویدی لەچەند سایت و ڕۆژنامەی سویدی بڵاو دەبێتەوە . هەرکەسێک لەوانەی مافی پەنابەرییان لێسەندراوەتەوە دەتوانێت وەکو دیکۆمێنت پێشکەشی فەرمانگەی بێگانانی بکات لە وڵاتی سوید .

Hamid773@hotmail.com

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image